# نامەیەك بۆ كۆمیتەی ناوەندی و كۆمیتەی مۆسكۆ و پترۆگراد و ئەندامە بۆلشەوییەكانی ناو شوورای مۆسكۆ و پترۆگراد

هاوڕیانی خۆشەویست: ڕووداوەكان، بە پلەیەكی وا ئاشكرا ئەركەكانمان لەسەر دەسەپێنێ، كە دواكەوتن لە ئەنجامدانیان، بە ڕاستی و بەكردەوە دەبێ بە تاوان.

بزووتنەوەی گشتوكاڵی لە گەشەسەندنە و حكومەت كردەوەی زەبروزەنگی دڕندانە بەهێزدەكا، سۆزی سەربازەكان لەگەل ئێمەدا، لەزۆربووندایە(99%لە دەنگی سەربازەكان لە مۆسكۆ لەپاڵ ئێمەن، هێزە فینلەندییەكان وگەشتیوانەكان دژی حكومەتەو بەگشتی ڕاپۆرتەكەی(دوباسۆف)یش دەربارەی بەرەی جەنگ).

لە ئەلمانیادا، سەرەتای شۆڕش ڕوونە، بەتایبەتی پاش ئیعدامكردنی دەریاوانەكان. هەڵبژاردنەكەی مۆسكۆ-47%لە بۆلشەویكەكان پێكهاتووە-سەركەوتنێكی گەورەیەو لەگەل دەنگی سۆسیالیستە-شۆڕشگێرە چەپەكاندا، زۆربەیەكی لەبەرچاو پێكدەهێنن لە وەڵات.

كرێكارانی شەمەندنەفەرو فەرمانبەرانی پۆست لە كێشمەكێشەدان لە كەل حكومەت. ئێستا لیبردانەكان لەبری گۆنگرەگێڕان لە 20ی ئۆكتۆبەر، باس لە كۆنگرەگیڕان لە دوا دە ڕۆژی ئەم مانگە دەكەن، و هتد...

((چاوەڕوانی)) لەم چەشنە بارودۆخەدا، تاوانە.

نابێ بۆلشەویكەكان چاوەڕوانی كۆنگرەی شووراكان بن، بەڵكو دەبێ دەستبەجێ دەسەڵات وەربگرن. بەم شێوەیە، شۆڕشی جیهانی(دەنا مەترسی ڕێككەوتنی ئیمپریالیستەكانی هەموو وەڵاتان ئەنجام دەگرێ، ئەمانە لەپاش هەڵواسینەكان لە ئەلمانیا، نەرمی لەگەل یەكتر دەنوێنن و لە دژی ئێمەدا، یەكدەگرن)و شۆڕشی رووسی(دەنا شەپۆلی هەراوهوریاكە لە ئێمە بەهێزتر دەبێ)و ژیانی سەددان هەزار كەس لەبەرەی جەنگ رزگار دەكەن.

دواكەوتن تاوانە. چاوەڕوانكردنی كۆنگرەی شووراكان، یاری زارۆكانە بە ڕەواڵەتەكان، یارییەكی شەرمئاوەرە بە ڕەواڵەتەكان، خیانەتە لە شۆڕش.

ئەگەر دەسەڵاتوەرگرتن بە بێ ڕاپەڕین نەكار بێ، دەبێ دەستبەجێ ڕاپەڕین. زۆر لەوانەیە ڕێك دەسەڵات بە بێ ڕاپەڕین وەرگرین: بۆ نموونە، ئەگەر شوورای مۆسكۆ دەستبەجێ دەسەڵاتوەربگرێ و بەجارێك(لەگەل شوورای پترۆگراد) حكومەت ڕابگەیەنێ. لە مۆسكۆ سەركەوتن زامنكراوە و كەسیش نیە دژایەتی بكا، لە پترۆگراددا دەكرێ چاوەڕوان بین و حكومەتیش هیچی پێناكرێ و هیچ رزگاربوونێكی نیە، بۆیە خۆدەدابەدەستەوە.

چونکە شووڕای مۆسکۆ، پاش وەرگرتنی دەسەڵات، بانقەکان، شەرکەتەکان و ڕۆژنامەی((روسکۆیە سلۆفۆ))بەهاندان لەبەردەم هەموو رووسیا، بنەما و هێزێکی مەزنی دەستدەکەوێ و مەسەلەکان بەم شێوەیەی خوارەوە رادەگەیەنێ: سبەی ئاشتی رادەگەیەنین، ئەگەر کێرنسکی پۆنا پارت خۆبەدەستەوە بدا(ئەگەر خۆیی نەدا بەدەستەوە، دەیڕوخێنین). هەر ئێستاو دەستبەجێ، زەمین بۆ جووتیاران، ئێستا و دەستبەجێ داخوازی کرێکارانی هێڵی ئاسنین و فەرمانبەرانی پۆست قبووڵ دەکەین، هتد... پێویست ناکا لە پترۆگرادا(دەستپێبکەین)). ئەگەر مۆسکۆ بەبێ خوێنڕشتن((دەستپێبکرد))، بەبێ چەندوچۆن پشتگیری دەکرێ لەلایەن: 1-لەشکری بەرەکان بەسۆزیان، 2- جووتیاران لە هەموو شوێنێک، 3- دەریاوانەکان و هێزە فینلەندیەکان هێرش بۆ پترۆکراد دەبەن.

لە حاڵەتێکدا، ئەگەر کێرنسکی لە دەورووبەری پترۆگراد فەیلەقێک یا دوو فەیلەقی ئەسب سوواریشی هەبێ، ناچار دەبێ خۆ بەدەبەدەستەوە بدا. شووڕای پترۆگراد دەتوانێ بە ڕێگای هاندان لە پێناو حکومەتی شوورایی لە مۆسکۆ، چاوەڕوانی بکا. درووشم: دەسەڵات بۆ شووراکان، زەمین بۆ جووتیاران، ئاشتی بۆ گەلان، نان بۆ برسییەکان.

سەرکەوتن زامنکراوە، پێشبینی دەکرێ بە ڕێژەی نۆ بۆ دە، بەبێ خوێنڕشتن.

## چاوەڕوانی تاوانە بە حەقی شۆڕش.

لەگەل سەڵاومدا

لە 14ئۆکتۆبەر/1917 جلدی34،

لا340-341

بۆ یەکەم جار لە 1921لە کۆمەڵە بلاوکراوەکانی ن. لینین(ف. ئۆلیانۆف)، جلدی14، بەشی 2بڵاوکرایەوە.

ن. لینین